# مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستان بخوێنەرەوە

## ئا: باوان

بەرهەمێکی دیکەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی بریتیە لە (مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستان، ئاستەنگ، گرفتەکان و ئەڵتەرناتیڤ)ە کە ئەنوەر حسێن (بازگر) نووسیویەتی و یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران بە زنجیرەی ژمارە (25).

ئەوەی لەم نامیلکەیەدا خراوەتەڕوو، وروژاندنی کۆمەڵێ سەرنجی نووسەرو ڕووناکبیری جیهانیە لەسەر مۆدێلی حیزبایەتی و گەران بەدوای ئەو باسەدا ، کە ئایا ئەم مۆدێلی حیزبایەتی کردنەی کە لە کوردستان هەیە، لەگەڵ کام مۆدێلی حیزبی جیهان دەگونجێ؟ دەتوانێ لەگەڵ کام لەو بیر و فکرانەدا خۆی ڕێکبخات؟ یان تا چەند حیزبی کوردی تا چەند گرنگە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئایا ئاستی هۆشیاری و حیزبی چەندە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا کە بەدەیان حیزبی چەپ و لیبراڵ و سۆشیال و دیموکرات و ئیسلامی تێدایە؟

نووسەر لەم نامیلکەیەدا نووسیویەتی ئەمە تەنها هەوڵێکی بچوکە بۆ قسەکردن لەسەر مۆدێلی حیزبایەتی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو حیزبێکی چەپی هەشتاکان و سۆسیال دیموکراتی ئێستا هەڵدەسەنگێنێ، کە دەبێت چۆن وەلام بە خواستەکانی کۆمەڵگە و لایەنگر و ئەندامانی بداتەوە و مۆدێلێکی نوێ پێشکەش بکات؟ لەسەرەتای ئەم نامیلکەیەدا ئاماژە بە حیزبی کراوە لە سەردەمی مۆدێرنەدا و ئاماژە بە ڕۆڵی هوبز و جۆن لۆک کردوە کە پێشراوانی پەیمانی کۆمەلایەتی ئەم زانستە نوێیە بوون و، لە سیستمی نوێی دنیادا حیزب بووەتە پێویستیەکی کۆمەڵگەکان، بە تایبەتی پاش کۆتایهێنان بە دەسەلاتی کلێسا و پاپا، کە گشت کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە بوو، بەلام لە قۆناغی ریفۆرم و ڕێنیسانسدا، حیزب بووەتە فاکتەری سەرەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و کۆبوونەوەی خەڵك لە دەوری ڕێکخراوێك، لە بەشەکانی تری ئەم نامیلکەیەدا ئەم بابەتانە خراونەتەڕوو لە حیزب گرنگە لە کۆمەڵگەدا، ڕۆڵی حیزبی کوردی لە کوردستان چی بووە، ئانارشیزم لە کوێی حیزبی کوردیدایە؟ ئایا مۆدێلی حیزبی کوردی مۆدێلێکی ستالینیە؟ مۆدێلی حیزبی خۆرئاوایی لە کوردستان، لەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر بمانەوێ لاسایی حیزبی و مۆدێلی حیزبی خۆرئاوایی لە کوردستان کۆپی بکرێت، لانیکەم پێویستمان بە چەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە لەوانە:-

یەکەم: حیزبی کوردی دووربکەوێتەوە لە هەموو دۆگماتیزمێك. دووەم پرۆسێسی دیموکراسی و دیموکراتیزەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە بکاتە پرەنسیپ و ئەولەویەتی کارکردنی. سێیەم: پراکتیزەکردنی عەدالەت و دادپەروەری لە ماف و ئەرکدا، چوارەم: ڕێزگرتن لە ئۆپۆزسیۆن و قبولکردن و لە پارت و ڕێکخراو و دەسا و دەستکردنی دەسەلات. پێنجەم ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە شەخسیەکان ...هتد.




لەبەشێکی تری ئەم نامیلکەیەدا نووسەر دەڵێ (ی ن ك) دەبێت فۆرمێکی جیاواز لە حیزبەکانی کوردستان پێشکەشبکات، کە جێگەی سەرنجی خەڵکی کوردستان بێت و دەبێت وەکو پێشوتر خۆی بکاتە داکۆکیکاری سەرسەختی ئازادی سیاسی و ئازادی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری لە میدیای ئازاد و ئەهلی و ڕۆژنامەگەری بکات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەبێت هەموو گروپ و چەپ و سۆسیالیست و لیبراڵەکانی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی کاری هاوبەش لە پێناو خزمەتکردنی وڵاتدا بکەن.